KURDISTAN NET
کوردستان نێت
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
27-5-2007 19:04 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ئەم دیاری یە بەرنەوە ... یوسف مەخمووری

هەر دووێنی بوو زەینەفوون و ئاناباسس
بەبی مۆڵەت
لە وڵاتی من تێپەڕین
لەکوڕانی گات وانەیەکی مەزن فێربوون
بۆیەکەم جاربەسەرسامی
لە نەبەردی گەلەکەی منیان ڕووانی
مەکەدۆنی و هۆلاکۆ ومەغۆل و تەتەر
بە ئەدەبێکی زۆرەوە بۆ سەرووەریت
کڕنۆشیان برد
ئەی ستانم
ئەی لاندی من
بێشکەو لانەی بوونەوەران
هەزاران ساڵ شکۆمەندی
ڕەگ داکوتان ودادوەری
بەبای جەهالەت وهێزی شەمشەمەکوێرەکان
قەت نالەرزی
ئەم کراسەی بۆ باڵای منتان دووریوە
گەلی کورتە
مەزنیی من داناپۆشی
بیبەنەوە بۆ سەرۆك و پاشاکانتان
دڵنیابن دەست ڕەنگینی لەوی دیارە
چونکە لەبەر پێی وڵاتم
بچووك دیارن
بچووك دیارن

yusifmerzani@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.